

ئەڵماس مستەفا

**بەڵێن بدە**

لەئامێزی خۆتم بگری تا تاسەی
شه وانی بێ تۆیم لەسەر
سینەت بکوژێنمەوە
منیش بەڵێن ئەدەم بە گەردنتا
هەڵبزنێم تا دەگەمە
کەناری لێوەکانت..
تا پێکی مەستبوون
لێت نەبمەوە..
بەڵێن بدە...
تۆ هاوسەر و هاوخەمم بی
تا بەعیشقت بژیمەوە
بەڵێن بدە کەبۆ من بی..
چیتر لەژێر ساباتی
چاوەڕوانیتدا نەتوێمەوە
وەرە توخوا لاولاو ئاسا
لێك بئاڵێین..
با شەوانیش ئارام بنووم
تا سەحەریش لێت نەبمەوە
وەرە نوتفەیەک لە نوری
ڕوحی خۆتم پێ ببەخشە
تا هەمیشە
دوور بم لەخەم.

سوید
23- 10-2007
2، 15ی بەیانی